ئاسایشی هەولێر: پێنج تۆمەتبار لەسەر کوشتنی زاواکەیان دەستگیرکران



ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی پێنج تۆمەتباری لەسەر کوشتنی زاواکەیان راگەیاند، تاوانەکە زیاتر لە ساڵێك لەمەوبەر ئەنجام دراوەو ئاشایش قیدیۆی ساتی ئەنجامدانی تاوانەکەیشی بڵاوکردۆتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەرێم، ئەمڕۆ یەکشەممە، لە راگەیەندراوێکدا وتی، لە ڕێکەوتی (٢٢ی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٤) لە گوندێکی ماملاوێی شاری هەولێر، هاوڵاتیێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بەناوی (محەمەد عەلی ئیمۆ) کوژرا.

وتوشیەتی، هەر ئۆکات لە لایەن تیمێکا نمانەوە دەست بە ئەنجامدانی بەدواداچون کرا و بەگوێی تاوانکان کەکرانەوە و ناسنامەی تۆمەتبارەکانمان ئاشکرا کرد بە ناوەکانی (م ، ع ، ع) و (أ ، ع ، ع) و (ی ، ع ، ع) کە دەبنە ماڵی خزورانی تاوانلێکراو، هەروەها تۆمەتباران (ر ، ع ، ر) و (ع، ح، ع) دەبنە برا و برازای تاوانلێکراو.

ئەوەشی خستەڕوو، بڕفەرمانی دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر، فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سەرجەم تۆمەتبارەکان دەرچوو، بەڵام لێبڕرێوەی ئۆکات بەردەست نەبوون بۆیە لە ڕێکەوتێ (٧/٢/٢٠٢٦) لە لایەن هێزەکانمانەوە دەستگیر کران.

ئەوەشی خستەڕوو، لە سەر هەبونی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بڕیاری پلان بۆ داڕێژراو هاوڵاتی (محەمەد عیلی ئەحمەد) لە لایەن ماڵی خەزوران و براو برازایەکی خێوێ کوژراوە.